# نەهێشتنی نەخوێندەواری. .
# زامنی دوارۆژێکی نوێیە بۆ نەوەی داهاتوومان

تاریق جەوهەر سارمەمی
tariqjawhar@yahoo.com

گرفتی نەخوێندەواری یەکێکە لەکێشە کۆمەلآیەتییەکانی ئەمرۆی بەشێکی کۆمەلگای کوردەواریمان دووچاری هاتووە کەپەلوپۆی بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان بەگشتی و گەرمیان بەتایبەتی هاویشتووە، بەلاّم ماوەیەکە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی خۆئامادەکردنە بۆ جێبەجێکردنی هەلمەتێکی گرنگی نیشتمانیی و نەتەوەیی پیرۆزبۆ نەهێشتنی دیاردەی نەخوێندەواری لەنێومنالآنی کورد لەکوردستاندا.

ئەم هەنگاوە پیرۆزە کەمایەی دەستخۆشی هەموولایەکمانە، کارنامەیەکی ستراتیژی و گرنگی ئیدارەی کوردیشە بۆرزگارکردن و پێشخستنی کۆمەلگاو گەشەپێدانی خوێندن و زانست لەکوردستان و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کەرێ لەپێشکەوتنی خوێندن و کۆمەل و دامەزراندنی کۆمەلگەیەکی مەدەنی دەگرێ لەکوردستاندا.

هەلمەتی نیشتمانیی نەهێشتنی نەخوێندەواری کەبڕیارە لەکۆبوونەوەی ئەمرۆی ئەنجومەنی وەزیران وەك باسێکی گرنگ ببێتە کارنامەی سەرەکی کۆبوونەوەکە لەلایەن ئەنجومەنەوە، لایەنە خراپەکان و هۆکارەکانی زۆربوونی رێژەی نەخوێندەواری لەنێومنالآن و وازهێنانیان لەخوێندن و بەرنامەکانی وەزارەتی پەروەردە و دەوری وەزارەتەکان لەسەرخستنی هەلمەتەکەدا بخرێتە بەرباس و لێکۆلینەوە. دیارە لەسالآنی رابردوودا بەهۆی زۆری گرفتەکانی ئابووری و سیاسیی و ناکۆکی ناوماڵی کوردەواریمان وەك پێویست حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە بپرژێتە سەر چارەسەرکردنی ئەم گرفتەی کەوەك پەتایەکی کوشندە هەرەشە لەئایندەی نەوەکانی دوارۆژمان دەکات. بێگومان ئەم گرفتەش لەشەوو رۆژێکدا دورست نەبووە وزیادی نەکردووە. بەلکو کۆمەلێك فاکتەری ئابووری وسیاسیی وکۆمەلآیەتی، کەهەندێکیان پەیوەندیان بە داگیرکەرانەوە هەیە، هەندێکیشیان پەیوەندی بەخۆمانەوە هەیە، دەوری سەرەکیان لەبلاّوبوونەوەی پەتای نەخوێندەواریدا بینیوە لەنێو منالانی کورددا، لەوانە وێرانکاری وشەرەکانی حکومەتی ناوەندی دژی خەلکی کوردستان وخاپوورکردنی زیاتر لە4500 گوندیکوردستان و ئەنفالکردن وکیمیابارانکردنی هەلەبجە ناوچەکانی تری کورستان وبەعەرەبکردن ودژایەتی کردنی بەرنامەکانی پەروەردەو خوێندن لەکوردستان لەلایەك و کەمی ژمارەی قوتابخانەکان لەوناوچانەی کەلەدوای راپەرینەوە ئاوەدانکراونەتەوە و نەبوونی ژمارەی مامۆستای پێویست یان نەچوونیان بۆ شوێنە دوورەکان، سەرەرای کۆششەکانی حکومەتی هەرێم بۆدابین کردنی پێداویستیەکانی مانەوەو هاتوچۆیان لەو ناوچە دوورانەدا.

بەپێی ئامارەکانی حکومەتی هەرێم 27٪سەرجەم مندالانی کوردستان کەلەنێوان تەمەنی 10 -15 سالّیدان لەمافی خوێندن بێبەشن. لەنێویاندا زۆرترین رێژەیان کە 36٪ بەرناوچەکانی گەرمیان کەوتوون. هەروەك ناوچەکانی رانیەو قەلآدزێ وهەلّەبجەو شارەزوورو شوێنەکانی تریش بەدەست هەمان گرفتی کوشندەوە دەنالێنن. گومانیشی تیانیە کەئەم پەتایە رێژەیەکی زۆری منالآنی شارەکانی وەك هەولێرو دهۆك و بادینانیشی لەمافەکانی خوێندن بێبەشکردووە، کە ئەوانیش پێویستیان بە فریاکەوتن ودەستگرتن وهاندان و خستنەوە بەرخوێندنیان هەیە.

بۆ ئەمەش دەکرێ شارەزایانی بواری پەروەردەو خوێندن لەناوچەکانی هەردوو ئیدارەی کوردی لیژنەیەکی هاوبەش دامەزرێنن وبەبەرنامەیەکی خوێندنی یەکگرتووی سەرتاسەری رووبەرووی پەتای نەخوێندەواری ببنەوە. لێرەوە

www.kurdistannet.org

دەخوازێ بەهاوبەشی داوا لەنەتەوەیەکگرتووەکان بکرێت لەبەرنامەکانی 986 پرۆپۆزەڵێکی تایبەت بۆ ئەم گرفتە نیشتمانییە دیاری بکرێ و لەمەشدا کەناڵەکانی راگەیاندن دەوری پێشەنگ و گرنگ لەهوشیارکردنەوەو هاندانی دایکان و باوکاندا ببینن بۆخستنەوە بەرخوێندنی منداڵەکانیان. هەروەك هەموو توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری و زانایان و مامۆستایانی ئاینی بەتایبەت لەوتاری رۆژانی هەینیاندا لەسەرشانیانە کەرۆڵی خۆیان لەسەرخستنی هەڵمەتی نیشتمانیی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا بۆئەوەی لەپاڵ کۆششەکان و ئەو بودجە زۆرەی کەحکومەت بۆنەهێشتنی نەخوێندەواری تەرخانی کردووە ئەنجامێکی باش و سەرکەوتوو بەدەستەوە بدات، چونکە ئەم ئەرکە پیرۆزە بەتەنیا بەحکومەت جێبەجێ ناکرێت، بۆیە دەخوازێ گەورەو بچووکی کۆمەڵەکەمان دڵسۆزانە قۆڵی مەردانەی لێ هەڵبکەن و هانی دایك و باوکان بدەن کەمناڵەکانیان بخەنەوە بەرخوێندن، بۆئەوەی چیتر منداڵانی کورد لەوتەمەنە ناسکەیاندا نەخرێتە ژێر باری قورسی کارکردن و دوورخستنەوەیان لەبوارێکی پیرۆزی وەك خوێندن و پێشکەوتن و زانست بەتایبەت لەرۆژگاری ئەمرۆی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیادا کەپێویست دەکات نەوەکانی داهاتوومان بەگیانی خۆشەویستی بۆخوێندن و فێرکردن لەسەربنەمایەکی زانستی پێشکەوتوو پڕچەك بکرێن لەپێناو دابینکردنی دوارۆژێکی رووناك و پڕشنگداری پێشکەوتوو بۆ میللەتەکەمان.